# لەكۆنفرانسی "دوعا"دا كەبابێكی چەورمان خوارد

**عومەرمحەمەد**

لەبەرایدا دەمەوێت سوپاسی هەموو بەرێزانەبكەم كەئەوكەمپینەیان پێكهێناو داوەتیانكردین بۆبەشداری كردن لەو هەوڵە، هیوادارم ئەم كەمپینەش بەدەردی ئەوانی تر نەچێتو بەرهەمێكی ئەوتۆی هەبێت، هەوڵێك بێت لەئینسانیەتی خۆمان نزیكترمانبخا تەوە، چونكە نزیكبوونەوە لە ئینسانیەت، بەواتای دوركەوتنەوەمانە لەهەموو پێشیلكاریەك.

بەڵام نایشارمەوە كەدەچمە ئەوكۆنفرانسو وۆرك شۆپانە هەست بەجۆرە خەجاڵەتیەك دەكەم، لەبەرئەوەی هەتا ئێستا پراكتیك نەبووەو هەرقسەی تێدا كراوە، ئەوەی بۆچارەسەری قوربانیانە تەنها قسەبووە، ئاخر چ لەوە ئەستەمترە لەسەرخوێنی "دوعا"كان، هەرقسەبكەینو نەبینە فاكتەری رێگەگرتن لەپێشێلكارییەكان، یان گەرمیانیو هەڵەبجەییەكان دراوسێی مەرگ بنولەهەموو پێداویستیە سەرەتاییەكانی ژیان مەحروم بن، ئێمەش دڵرەقانە لەبەرتەبریدی كەللە تەزینولەچێشتخانەو هۆتیلەراقیەكان باس لە مەینەتیەكانی مرۆڤی برسیومەحرم بكەین؟ من ئەوە ناودەنێم دڵرەقیو ئەتەكییەتی جیهانی نوێ.. بەتایبەتی دوای ئەوەی كۆبوونەوەكان بەهیچ سەرەنجامێك ناگەنو هەربەدرەوامیش دەبین لەسەریان.

ئەوەی كەمایەی شەرمە ئەوراستیە تاڵەیە، دەنا مرۆڤ شایستەی ئەوەیە لەهیچی كەم نەبێتوژیانێكی شایستە بەمرۆڤ بژی، ئەوەی شەرمی لێدەكەم هەستكردنە بەبەرپرسیارێتی خودی خۆم، بۆیە هەقوایە لەخۆمان بپرسین كە ئێمە هەست بەبەرپرسیارێتی بكەین، بەنیازین كەی بكەوینەكاری مەیدانیو لەوهۆڵە پۆشتانە بێینە دەرێوبەدەنگ ئەومرۆڤانەوەبچین كە بەئاستەم هەناسە دەدەنو بە ئەتەكییەتی ئێمە نامۆن.

ماوەتەوە بڵێم بۆجاری دووەم دەستخۆشی لەوبەرێزانەو لەهەموو ئەندامانی كۆنفرانسەكە  دەكەمەوە، كارەكە بەهەند دەگرموبەرێزەوە تەماشای دەكەم، بەڵام دوعا دەكەمو بەهیوام كاركردن لەسەردۆسێی قەتڵوعامی ژنان تەنها كەباب خواردنو قسەفڕێدان نەبێت، چونكە ئەگەرواماان نەكرد ئەوا ڕووی سوڵحە عەشایەریەكان جواندەكەین، ئەوسوڵحانەی وەك دابونەریت، لەدوای خوێنی رژاوی مرۆڤەكانەوە دەبەسترێن، كەلەسۆنگەی دڵرەقیو ڕەفتارە شەرانگێزییەكانی مرۆڤدا ئاژەڵەكان تیایدا خوێنیان دەرێژرێودەبنە ژەمێكی ئاشتبوونەوەی مرۆڤ!!. خۆئەگەر ئەو سوڵحەعەشایەریانە بەهەموو دواكەوتوویەكیانەوە ئاگرێك دەكوژێننەوە، بەڵام ئەی ئێمەی مۆدێرن لەدوای خوێنی "دواعا"كانەوە، بەنیازین چیبكەین؟ هەركۆدەبینەوەو قسەدەكەینونانەدەخوێن؟ یان ئاشتیەكی كۆمەڵایەتی بەدوای خۆماندا دەدهێنین؟ هیوادارم ئەم كەمپینە ببێتە فشارێكی كۆمەڵایەتیولەسایەیدا كۆمەلگای كوردی ببێتە خاوەنی پەیمانێكی بەهێزی ئەخلاقیو لەبری نەفرەتكردن لەژیان باوەشی خۆشەویستی بۆبكاتەوە، لەبری نەفرەتكردن لەژن، هەموو مافەئینسانیەكانی بۆ بگێڕێتەوە، كەئیدی ئەوڕەفتارە قێزەونانە ببنە مایەی شەرمی كۆمەڵایەتی. چونكە دواجار مرۆڤ كوشتن چ ژن بێت یان پیاو هەرشەرمەزاریمان بەباڵادا دەبڕێو بەكۆی مرۆڤایەتی نامۆمان دەكات.